# ڕەوتی شانۆ لە کەلار

سەباح عەلی جاف
(کەلار)

(١ - ٢)

شـانـۆ (درامـا) لە ڕێگەیەوە بەشـێـک لە ژیانـی مـرۆڤ گـوزارشت لە خـۆی دەکـات، لە کـوردسـتـان ئەم هونەرە تاڕادەیەک کاری لەسەر کراوە و خاوەنی مێژوویەکە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین تیـشک بخـەینە سـەر ئەم هونەرە لە کـوردسـتـان بـە گشـتی و گـەرمیـان و کـەلار بە تایبەتی، شانۆ وەک پێشەکییەک لەگەڵ ڕەوتی شانۆ لە کوردستان و گەرمیان بە گشتی خراوەتە ڕوو، پاشتر باس لە تەوەرەی سـەرەکی توێژینەوەکـە دەکـەین کـە ئەویش ڕەوتی شانۆیە لە شاری کەلار کە ئێستا بووەتە ناوەندی ئیدارە (پارێزگا)ی گەرمیان، بە تایبەت لە دوای ساڵی ١٩٨٦ کـە یەکـەمین گـرووپی ئەکـادیمی شـانۆ دروست دەبێت، بۆ ئەم مـەبەسـتـەیش پشت بە چەندان سـەرچاوە بەسـتـراوە، بە تـایبـەت لە بواری کـتـێب و گـۆڤـار و چاوپێکەوتن و دەلیل و بڵاوکراوە حکومیـیـەکـان. لەم ڕووەوە ئەم مـێـژووەمـان زیـاتر بۆ ڕوون دەکـەنەوە، ئەوەی لێرەدا خراوەتە ڕوو لێکۆڵینەوەیەکی مێـژووییـە لەبارەی شـانۆ لە کـەلار، نەک لێکۆڵینەوەیەکی هونەری، بۆیە قسەکردن لەسەر مێژوو سانا نییە و ڕەنگە تووشی کێشە و گرفت بین، بۆیە دەکرێت هەر ڕەخنەیەک لەم ڕووەوە بە سـەرەتا و بنیـادنەر دابنرێت و ڕەخنەکـان بە هەند وەربگرین.

شـانۆ (درامـا) وشـەیەکی یۆنانیـیـە لە وشـەی DRAMـەوە هاتووە، مـانـای (کـار = فـرمـان) دەگـەیەنێت، ئەم وشـەی درامـایە هەر لەو زەمـانە کـۆنە یۆنانییـەوە گـەیشـتـووەتە ناو زمـانە نوێیـەکـانی گـەلانی ئەوروپا و لەوێشەوە گەیشتە گەلانی تری وەک عەرەب و تورک، هەر بەو جـۆرە خـۆیشی هاویشـتـە نێـو زمـان و فـەرهەنگ و ئەدەب و هونەری کـوردیشـەوە، بەکارهێنانەکەی زۆر کۆن نییە(١)، یۆنان وەک یەکەم زێدی سەرهەڵدانی دراما لە جیهاندا خاوەنی نووسەر و درامانووسی گەورەیە و ئەگەر بمانەوێت باس لە مێژووی



**ئەرستۆ**

دراما بکەین ناتوانین باز بەسەر یۆناندا بدەین، بەم پێیە بێت یۆنان لانکەی سەرهەڵدانی درامایە.

لەسەرەتادا دراما تەنیا تراژیدیا بووە، ئەگەرچی بۆ خواوەند (دیۆنسیۆس) گریان و پێکەنین پێشکەش کراوە، بەڵام پێش کۆمیدیا تراژیدیا فۆرمی هونەر وەردەگرێت، بە شێوەیەک بایەخی تراژیدیا دەگاتە ئاستێک کە فەیلەسووفی یۆنانی ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢) پ. ز لە کتێبەکەیدا (شیعر) زۆر باسی ئەم هونەرە دەکات و پێی وایە درامای ڕەسەن تراژیدیایە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت یۆنان مەملەکەتی سەرهەڵدانی شانۆ بووە (٢).

شانۆیی کوردی مێژوویەکی کۆنی نییە، سەرەتاکانی ئەم هونەرە لەلای کورد بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، شانۆ لێرە لەسەر تەختەی شانۆیی ناو قوتابخانەکان لە دایک بووە، ئەگەر باس لە شانۆ لە باشووری کوردستان بکەین، ئەوە بەو پێیەی بەشێک لە ئێراقی عەرەبی بووە، دەبێت باس لە سەرەتای ئەم هونەرە لەم وڵاتەدا بکەین، مێژووی یەکەم شانۆیی ئێراقی بۆ ساڵی ١٨٨٠ز دەگەڕێتەوە کە شانۆگەری (الشماس)ی حەننا حەبەش بووە لە شاری مووسڵ، سەبارەت بە دەرکەوتنی شانۆیی کوردی بیروڕای جیاواز هەیە بەشێوەیەک بەشێک بۆ ئەوەی دەبەنەوە یەکەم شانۆ لە ساڵی ١٩١٢ز لە سەیرانەکانی سەرچنار چەند جووڵەیەک وەک نمایش لە سلێمانی هەبووە ، بەشێکی تر پێیان وایە لە ساڵی ١٩٢٠ز لە نمایشی ناو قوتابخانەکان لە قوتابخانەی (ئەربیلی ئوولا) بووە کە لیژنەی فەن و تەمسیل دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٢١ز شانۆیی (سەلاحەددینی ئەیووبی)یان نمایش کردووە. یەکەم تیپی شانۆ لە کوردستان، تیپی شانۆیی قوتابخانەی زانستی بووە کە لە ساڵی ١٩٢٦ز لە سلێمانی دامەزراوە، هەر لەو ساڵەدا شانۆیی (علم و جهل)(٣) لە لایەن (فوئاد ڕەشید بەکر)ەوە ئامادە و پێشکەش کراوە، هەر لەو ساڵەدا قوتابیانی کچ لە سلێمانی لە نووسینی شێخ نووری شێخ ساڵح شانۆیی (دایک)یان پێشکەش کردووە، بەم شێوەیە دەردەکەوێت سەرەتاکانی شانۆیی کوردی لە قوتابخانەکانەوە چرۆی کردووە و ساڵ بە ساڵ زیاتر گەشەی کردووە (٤).

هونەری دراما (شانۆ): Drama وەک لە سەرەوە وتمان لە زمانی یۆنانیدا واتای (کار)ە، پێشینان هونەری دراما دەکەن بە دوو بەشی سەرەکییەوە، ناخۆش و خۆش (٥)، هەژاری موکریانی لە فەرهەنگە دانسقەکەیدا (هەنبانە بۆرینە) سەبارەت بە وشەی شانۆ چەند وشەیەک دەخاتە ڕوو لەوانە" شانۆ: سەکۆی کۆسەبازی، شوێنی هونەر نواندنی وازی کەران " سەبارەت بە شانۆگەری لەم فەرهەنگەدا هاتووە " شانۆگەری: کایەکردنی شانۆ " (٦)، ئەرستۆ بەم شێوەیە پێناسەی دراما دەکات " لاساییکردنەوەی کاری مرۆیە " لە شرۆڤەکردنی ئەم پێناسەیەدا ڕەخنەسازان دووچاری چەندان دووڕیانی ئاڵوز بوونەتەوە، ڕەنگە شیاوترین ڕاڤە بۆ ئەم دەستەواژەیە کە وتراوە دراما لە فاکتەرگەلێکی جەوهەری پێکدێت وەک (چیرۆک، بە شێوەی کردە دادەڕێژرێت، نەک گێڕانەوە، لە وتەکاندا تایبەتمەندی دیاریکراوی هەیە، ئەکتەر هەڵیدەسووڕێنێت، لە بەردەم بینەردا ئەنجام دەدرێت) (٧)، ژان ژاک برنارد دەڵێت " شانۆ پێش هەموو شتێک هونەرە و هونەریش لە ڕێگەی دیالۆگەوە شتێک دەدۆزێتەوە کە شاراوەیە و پێویستی بەوە هەیە کە هەستی پێ بکرێت "، هونەری شانۆ لە جیهاندا بە بەشێکی گرنگ لە هونەر دادەنرێت، هونەریش باری کۆمەڵگە و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و شارستانییەت دەستنیشان دەکات و دەست وەردەداتە نێو گرفتە ئاڵۆزەکانەوە، بۆیە لە گشت ساتەکان و لە هەموو ڕۆژگارەکاندا بوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەوری ئیجابی خۆی دەگێڕێت(٨). ئەمڕۆ شانۆ بە یەکێک لە هەرە مەزنترین هونەرەکان دادەنرێت، شانۆ قوتابخانەی هەموو گەلە، مینبەرە بۆ ڕاستی وتن، ڕابوردوو و ئێستا و

ئایینده بە یەکەوە دەبەستێتەوە، دەنگی قارەمانی گەل و نەمـــریی مـــیللەتان دەردەبڕێت و دامـــەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی مەزنە، لەم چەرخەدا یەکێکە لەو چەکانەی ڕووبەڕووی ئیمـپریالیزم و داگیـرکـەر و کۆنەپەرستی بەکاردێت، ئەمڕۆ گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، لە پایە و مەقامێکدا کە ناونراوە (کۆی هونەرەکان) (٩).

**شانۆ لە گەرمیان**

لێرەدا کە باس لە ڕەوتی مێژووی شانۆ لە گەرمیـان دەکەین مەبەستمان گێڕانەوەیەکی خێرایە لەسەر شانۆ لە ناوچە نزیکەکـانی تەوەری سـەرەکی لێکۆڵینەوەکـە (کەلار)، لێرەدا زۆرتر قسـە لە شانۆ لە هەریەکـە لە شارەکانی (کفری، خانەقین، دەربەندیخان) دەکەین کە ئێستا کەلار بووەتە سەنتەر بۆ هەموویان، بێ گومان نزیکی ئەو شوێنانە کاریگەری تەواوی لەسەر شانۆ لە کەلار هەبووە، بە تایبەت سەردەمێکی زۆر کەلار تەنیا گوندێک بووە و سەر بە ناحیەی سەرقەڵای کفری بووە، ئەمـەیش وا دەکـات هەر یەک لەو شارانەی کـە ناومـان هێنان کـاریگەری تەواویان لەسەر کەلار لە ڕابوردوو و ئێستـادا هەبووە و هەیە، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە ڕەوشی شانۆ لەو شوێنانە دەدەین.

کفری یەکێک لە شارە دێرینەکان، شارێکی مێژوویی لە کـایەی ڕۆشنبیـریدا جێگەی بایەخە، بە تایبـەت لە هونەری شـانۆدا بەو پێیـەی ئەم شـارە هەر لە زووەوە خاوەنی قوتابخـانە و مزگەوت و تەکیە بووە، هەمـوو ئەمـانە ڕۆڵیـان لە کـایەی ڕۆشنبیـریدا هەیە، وەک زۆر جێگەی تری کـوردستـان دەکرێت یارییـە فۆلکلۆری و سـروود و بەزم و قسـە خۆشـەکـانی دیوەخـانەکـان بە سەرەتای درامای نەنووسراوی کوردی لە کفری دابنێین، کردنەوەی ئاگری نەورۆز کە هەمـوو ساڵێک لە مـانگی (٣)دا ئەم یادە کـراوەتەوە، لەم یادەدا چەندان گۆرانی و هەڵپەڕکێ و ڕمبـازیی ئەسپ و یاری فۆلکۆری ئەنجام دراوە، دەکرێت ئەمـانە بەسەرەتای کاری نواندن و نمایش بخرێنە ڕوو، لە کفری بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٢١ز ئاگری نەورۆز لەسەر دەستی شێخ محەمەد خاڵصی کوڕی شـێخ ڕەزای تاڵەبانی - یەکـەم قـائیـمـقـامی کـفـری کـراوەتەوە (١٠). لە ساڵی ١٩٤٦ نەورۆزێکی گـەورە لەسەر لووتکەی باوەشاسوار سازکراوە، ئاگرێکی گەورە کـــراوەتەوە و لەو ڕۆژەدا ئاهەنگ گـــێـــڕراوە و وتار خوێنراوەتەوە و سروود وتراوە، لەگەڵ شایی و ڕمبازی، هەر یەکـە لە (ئەحـمەد بابان، شێخ عـەتای تاڵەبانی و سابیری حاجی فەتحوڵڵا) ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە (١١).

سـەبارەت بە یەکـەمین شـانۆ کـە زانیـاری لەبارەیەوە نووســراوە و دوکــۆمــێنت لەم ڕووەوە هەیە، ئەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، لەسەر شانۆیی ناوەندی کـفـری چەندان شـانۆ نمایش کـراون، لە نێـوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٥دا چەندان شانۆگەری لەو شارەدا پێشکەش کراوە و خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوونە(١٢)، ناوەندی کفری هۆڵێکی گەورەی تێدا بوو، لەگەڵ شانۆ و پێداویستییەکانی، زستانی ١٩٥٦ز قوتابییەکی عەرەب بە نـاوی (سـەلمان ئەلجبـوری) لە بواری هونەری شـانۆدا بەهرەدار بوو، بەهاوکـاری (کـەمـال خـەلیل)ی خـەڵکی کفری و چەند کەسێکی تر شانۆگەرییەکی وەرگێڕراو لە (هاملێت)ی شـەکسـپـیریان لەسـەر تەختـەی شانۆیی هۆڵەکە بەسەرکەوتوویی پێشکەش کرد، ژمارەیەکی زۆر تەماشاکار لە شار و دەرەوەی بۆ دیتنی ئەو شانۆگەرییە هاتبوون (١٣).

لە کفری لە سـاڵی ١٩٦٠ز شانۆگەری (المتسول) لە نووسین و دەرهێنانی (کـەمـال خـەلیل سـەبری) لەسـەر شانۆی ئامـادەیی کـفـری نمایش کـرا و لەسـەر ئاستی قوتابخـانەکـانی ئەو کـاتی کـەرکـووک خـەڵاتی یەکـەمی بەدەست هێنا. لە سـاڵی ١٩٧٢ شـانۆگـەری (کـاوەی ئاسنگەر) بە سەرپەرشتی (محەمەد حەمید تلێشانی) لە سەر شانۆی قوتابخانەی ئیمام محەمەد پێشکەش کراوە، هەر یەکە لە (عەزیز شەریف و حاجی عەبدولقادر) ڕۆڵی سەرەکییـان تێدا گێڕاوە، پاشتریش چەندان شانۆیی کـۆمـیدی نمایش کـراون، هەریەکە لە هونەرمـەندان (نازم دڵخـۆش و هاشم ڕەشـیـد) ڕۆڵیـان تێـدا هەبووە، پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ شانۆ لەم شارە لەسەردەستی (محەمەد ڕزگاری، محەمەد تەنیا، وەهاب دڵخۆش...) گەشەیەکی بەرچاوی بەخــۆوە بینی، لەم شـــارەدا یەکــێـــتـــیی هونەرمـەندانی کـوردستـان و تیـپی شانۆیی ڕووناکی لە ساڵی ١٩٩٢ دامـەزراوە، چەندان بەرهەمیـان پێشکەش کـردووە، لە بەرهەمـەکـانی تیـپی شـانۆیی ڕووناکی، شــــانۆگـــەری (هاوارێکی تاســـاو) لە نووســـینی دەیستــۆیڤسکی و لە دەرهێنانی مـوکـەڕەم تاڵەبانی لە سـاڵی ١٩٩٤ لە هۆڵی هونەرمـەندانی کـفری پێشکەش کراوە، ئەمـانە و چەندان بەرهەمی تری ئەم تیـپـە لەگـەڵ بەرهەمی تری یەکـێـتـیی هونەرمـەندانی کـوردسـتـان - لیژنەی کفری کە بەرهەمەکانیان لە شارەکە نمایش دەکرد لەگەڵ بەشداری پێ کردنی بەرهەمە شانۆییەکانی کفری لە فیستیڤاڵی هونەری کەرکووک، لەو بەرهەمانە (سەعات چوار، کابرایەکی گرفتار، سەدای ڕوحێکی سەرگەردان، زریان، ئەو لە بیــرەوەریمدا نەمــێـنێ...) (١٤)، لەم

شارەدا لە ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە پەیمانگەی هونەرە جوانەكانی كفری كراوەتەوە، یەكێك لە بەشەكانی خوێندكار وەردەگرێت بەشی شانۆیە كە توانیویەتی سەرباری پێدانی بڕوانامەی دیپلۆم لە هونەردا، چەندان چالاكی هونەری، بە تایبەت شانۆ پێشكەش بكات، سەرباری ئەمە شانۆ لەم شارەدا بەردەوامە و چەندان شانۆگەری پێشكەش كراون لەوانە لە یادی ئەنفالدا بەردەوام بەرهەم نمایش كراوە كە گوزارشت بووە لە تاوانی (ئەنفال) (١٥).

دەربەندیخان یەكێكی ترە لەو شارانەی گەرمیان كە خاوەنی مێژوویەكی گەشە، چیرۆكی دەست پێكردنی هونەر لەم شارەدا لە پەنجاكانی سەدەی ڕابوردوودا بە هێنانی سینەما دەست پێ دەكات، ئەو كاتەی كار لە دروست كردنی بەنداوی دەربەندیخان كراوە بۆ ماوەی دوو كاتژمێر ئەو سینەمایە بۆ كرێكاران و ئەندازیارانی ئەو پرۆژەیە خراوەتە كار، تێیدا چەندان دیمەنی فیلم نمایش كراوە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە دەربەندیخان یەكەم بەرهەمی شانۆ نمایش دەكرێت، ئەویش شانۆگەری (تاوانی دەرەبەگ)ـە لە نووسینی (موعتەسەم ڕەشید) و لە دەرهێنانی جەمال مەلا قادر)، ئەم شانۆگەرییە بەرهەمی تیپی شانۆیی ئاسۆی هەڵەبجە بووە و لەو شارەدا نمایش كراوە. لە ٧/١٢/١٩٧٠ شانۆگەری (كچی خۆمە و نایفرۆشم) لە نووسینی (جەمال سەعید) و لە دەرهێنانی هونەرمەند (عەبدولی حەمە جوان)ـە كە ئەو كات لە گوندی كانی سارد مامۆستا بووە، نمایش كراوە، پاشتر ئەم شانۆگەرییە براوە لە خانەقین نمایش كراوە، ئەو كەسانەی لەم شانۆگەرییەدا بەشداربوون: (عومەر حەمە ساڵح، مامۆستا غازی، شەماڵ سابیر...) بەم شێوەیە دەردەكەوێت ئەمە یەكەم بەرهەمی شانۆی ئەو شارە بووە. لە ساڵی ١٩٧٢شانۆگەری (مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان) لە نووسین و دەرهێنانی (جەلال فەقێ ئەحمەد) و لە ساڵی ١٩٧٣ شانۆگەری (دوازدەسوارەی مەریوان) و لە ساڵی ١٩٧٦ شانۆگەری (نەهێشتنی نەخوێندەواری) نمایش كراون (١٦).

لە دەربەندیخان لە ساڵی ١٩٨٦ز بە ڕەسمی تیپی شانۆیی دەرەبەندیخان بە دەستپێشخەری هەر یەكە لە هونەرمەندان (دڵشاد حوسێن، تاهیر حەسەن، جەبار محەمەد، تۆفیق عومەر، حەمە ڕەووف ئەحمەد، ساڵح ژاڵەناوی، خەلیل حەمە عەلی، كەریم عەلی قادر) دامەزراوە، بۆ یەكەمین جار شانۆگەری (پارەی دەرمان) لە نووسینی یووسف عانی و دەرهێنانی (دڵشاد حوسێن) لە هۆڵی مەڵبەندی لاوان نمایش كراوە، پاشتر لە ساڵی ١٩٨٧ شانۆیی (فایلی ٦٧) لە نووسینی ئیسماعیل موهەنەد و لە دەرهێنانی دڵشاد حوسێن نمایش كراوە، لە ساڵی ١٩٨٧ شانۆگەری خەج و سیامەند نمایش كراوە كە بۆ یەكەمین جار لەو شارەدا ڕەگەزی مێ دێتە سەر تەختەی شانۆكە ئەویش كچێك دەبێت بە ناوی (بەیان مەحموود) خەڵكی سلێمانی بووە و لەو شانۆیەدا ڕۆڵی خەج دەبینێت، لە تشرینی یەكەمی ١٩٨٩ شانۆگەری گرێ و لە ئازاری ١٩٩٠ شانۆگەری چارەنووسی مرۆڤێك نمایش دەكرێت (١٧)، لە پاش ڕاپەڕینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١ شانۆ لەم شارە گڕوتینی زیاتر بە خۆوە دەبینێ، بە تایبەت دەربەندیخان دەكرێتە ناوەندی پارێزگای كەركووكی پێش ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩٩٣ فیستیڤاڵی هونەری كەركووك بەخۆوە دەبینێ، ئەمە سەرباری چەندان گرووپی هونەری لە شارەكەدا شانۆگەرییان پێشكەش كردووە و لە شارەكانی تریشەوە چالاكی شانۆیی دەهێنرێتە ئەم شارە، لە ساڵی ١٩٩٣ تیپی شانۆیی ڕاپەڕینی بناری بەمۆ لە دووەمین فیستیڤاڵی ڕاپەڕینی دەربەندیخاندا شانۆگەری (گەشتەكەی تاڵە) لە دەرهێنانی (حوسێن عەلی) بە بەشداری چەندان ئەكتەر نمایش كراوە (١٨)، كۆمەڵەی هونەرە جوانەكانی كورد - لقی دەربەندیخان چەندان بەرهەمی پێشكەش كردووە لەوانە شانۆگەری (خەونەكانم) نووسین و دەرهێنانی (دڵشاد حوسێن)، لە نیسانی ١٩٩٦ (١٩)، شانۆگەری (حەسار) لە دەرهێنانی (دڵشاد حوسێن) لە نیسانی ١٩٩٧ (٢٠)، شانۆگەری (زەوی خودا) لە دەرهێنانی نەریمان مەجید، لە ئایاری ١٩٩٥ز (٢١)، بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی دەربەندیخان لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە دامەزراوە، ئەمەیش پاش ئەوەی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی گەرمیان لەم شارەوە گوێزرایەوە بۆ كەلار، بەڕێوەبەرەكەی (فارووق سابیر محەمەد)ـە، ئەم بەڕێوەبەرێتییە چەندان چالاكی لە بواری شانۆدا ئەنجام داوە لەوانە سازدانی فیستیڤاڵی شانۆیی سەرشەقامی نێودەوڵەتی دەربەندیخان، نمایش كردنی ٢٢ شانۆگەری لەو شارە، بە تایبەت سازدانی ڕێوڕەسمێك بۆ ڕۆژی جیهانی شانۆ لە ٢٩/٣/٢٠١٠ تێیدا چەندان چالاكی لە خۆ گرت، لەگەڵ نمایش كردنی شانۆگەری (كچی وەنەوشەیی) چیرۆكی مەهاباد قەرەداغی و داڕشتن و دەرهێنانی مووەفەق عارف لهۆنی(٢٢)، لەم شارەدا بەردەوام ڕەگەزی مێ بەشداری هەبووە، یەكێ لەوانە (بەیان ئەحمەد عەزیز) لە ساڵی ١٩٨١ لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ یەكەمین جار هاتووەتە دنیای هونەرەوە و لە شانۆگەری (دوای بیست

سالّ)، وەک ئەکتەر بەشداری چەندان شانۆگەری تری کردووە وەک شانۆگەری (حەسار، کورسی، یاداشتەکانی عەرعەر و مۆنۆدرامای سەفەر...) لەگەڵ کاری دەرهێنانیش، بەیان ئەحمەد توانی لە شانۆگەری مۆنۆدرامای سەفەر لە فیستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکانی دەربەندیخان لە ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨ خەڵاتی باشترین کچە ئەکتەر بەدەست بهێنێت و لەگەڵ چەندان خەڵاتی تر، مامۆستا بەیان لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کفری مامۆستایە لە بەشی شانۆ (٢٣).

خانەقین یەکێکی ترە لە شارەکانی گەرمیان و گەرمەسێر، ئەمیش وەک شارەکانی تری گەرمیان خاڵی نییە لە شانۆ و لەو ڕووەوە خاوەنی مێژوویەکی پڕشنگدارە، سەرەتای کاری شانۆ لەم شارەدا دەتوانین بۆ نمایشە ئایینییەکانی سەردەمانێکی کۆن بگێڕینەوە، بە هۆی ئەوەی ژمارەیەک لە هاوولاتیانی ئەم شارە شیعە مەزهەب بوونە و لە مەراسیمە ئایینییەکاندا، بەتایبەت لە ڕۆژی عاشووراداچەندان نمایش و جووڵەی تایبەت بەو یادە لەلایەن شیعە مەزهەبەکانەوە پێشکەش کراون بە تایبەت لە لاوانەوەی ئیمام حوسێن (ڕەزای خوای لێ بێت)، یان نمایشی جەنگی (تەفە)، ئەم بۆنە ئایینییە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا کەسایەتییەک بە ناوی (پیرموراد) ڕۆڵی سەرەکی تێیدا هەبوو بە تایبەت وتنی سرووتەکان بە شێوە زمانی کوردی کەڵهوڕی، بۆیە دەتوانین ئەم نمایشە ئایینییە بە سەرەتای بزووتنەوەی شانۆ لەم شارە دابنێین. بەم شێوەیە سەرەتاکانی شانۆ لەم شارەدا گەشەدەکات تا ئەو کاتەی گرووپێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دێن و چەندان نمایشی سەرەتایی پێشکەش دەکەن، بە تایبەت ئەمانە زۆرتر کارەکانیان لە خزمەتی منداڵاندا بووە. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە گوندی شێرەوەنی سەر بە شارەدێی قۆرەتوو لە خانەقین چالاکی هونەری پێشکەش کراوە (٢٤).

سەبارەت بە ڕەوتی شانۆ بەشێوەیەکی نوێ ئەوە بۆ پاش شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە، لە ساڵی ١٩٥٩ لە دواناوەندی خانەقین شانۆگەرییەکی (یووسف عانی) بە ناوی (پارەی دەرمان) لە لایەن خوێندکارانی ئەو قوتابخانەیەوە پێشکەش کراوە، هونەرمەند (جەعفەر حەسەن) ڕۆڵی تێدا هەبووە، لە نەورۆزی ١٩٥٩ شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) لە لایەن دانیشتوانی گەڕەکی تۆڵەفرۆشەوە پێشکەش کراوە، دەرکەوتنی چالاکی شانۆیی کوردی لە خانەقین بە شێوەیەکی تەواوەتی بۆ پاش ڕێککەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ز دەگەڕێتەوە، بۆ ئەمەیش لە ڕۆژنامەی (الاتحاد) لە ژمارە (٤٣١) لە ٢٠٠١/٧/٢٧ چاوپێکەوتنێکی مامۆستا ئیبراهیم باجەلان لەگەڵ هونەرمەندی ئەو دەمە (ئیبراهیم مەحموود) بلاوکراوەتەوە کە بە ئیبراهیم عەرەب ناسراوە کە باس لەوە دەکات لە پاش بەیانی ١١ ی ئازار و خوێندن بە زمانی کوردی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥ شانۆ گەشەی کردووە، بە تایبەت پاش دروستبوونی تیپی شانۆیی (تاقگە)ی سەر بە یەکێتیی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەم بەرهەمی ئەم تیپە شانۆگەری (میوانخانەی پاشاوات) بووە، عەباس عەبدولڕەزاق (عەباسی ڤیدیۆ) (٢٥)ئامادەی کردبوو، لەم تیپە شانۆییەدا هونەرمەندانی وەک (جەمال محەمەد سەعید زەنگەنە، هادی غولام، عەبدولحوسێن مستەفا، ئەدیب غەریب و قادر حوسێن) ڕۆڵیان هەبووە و توانیویانە شانۆگەری (پرسیاری ئاخر شەو) لە مەندەلی پێشکەش بکەن، لەم تیپەدا ژنان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەوانە: (ڕەمزیە عەبدۆ، سەلمە فەهد)، بەم شێوەیە دەردەکەوێت شانۆکارانی ئەم شارە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، تەنانەت لە میهرەجانی یەکەمی کوردی لە بەغدا بەشدار بوونە، هەر لە خانەقین لەو ماوە مێژووییەدا چەندان شانۆگەری وەک (مەزادخانەی مێژوو، پیاو بەکردەوەیە) لە لایەن هونەرمەند (هادی حەسەن)ەوە دەرهێنانی بۆ کراوە و پێشکەش کراوە (٢٦).

لە ساڵی ١٩٧٠ز ئۆپەرێتی (خەڵک و خەرمان)ی پێشکەش کردووە لە نووسین و دەرهێنانی (عەلی مەلا کەریم)، تیپی شانۆیی تاقگە لە ساڵی ١٩٧٢ شانۆگەری (لایە بۆ دایکی) پێشکەش کردووە کە هونەرمەند (ئیسماعیل وەندی) تێیدا بەشدار بووە (٢٧)، شانۆ لەم شارە درێژەی هەیە، بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادی ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و کردنەوەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی خانەقین و سازدانی چەندان فیستیڤاڵی هونەری تایبەت بە شانۆ. لە ١٢-٢٠٠٤/١٢/١٤ لە شاری خانەقین لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری - بەڕێوەبەرێتی ڕۆشتبیری گەرمیان بەهاوکاری یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان (یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری گەرمیان) سازکرا و تێیدا چەندان شانۆگەری لە شارەکانی گەرمیان لەو شارە نمایش کران، لە لایەن یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان / لیژنەی خانەقینەوە شانۆگەری (یەک چشتێکە) لە نووسینی: کازم حاجی، دەرهێنانی (خەلیل باوەخان)ەوە پێشکەش کرا، کە خەڵاتی هاندان و پشتگیری فیستیڤاڵ درایە

تیـپی شـانۆیی خـانەقین، (٢٨) لە ٢٠٠٨/٣/١ دا شانۆگەری (شۆڕش) لە نووسین و دەرهێنانی محەمەد قەرەداغی لە لقی خانەقینی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کرا، لە ڕۆژی جیهانی منداڵاندا ئەنجوومەنی پارێزگای گەرمیانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ٢٠٠٨/٦/١ شانۆگەری (دیاگۆجی)ی بە سەرپەرشتی هەردوو هونەرمەند (ڕزگار مەحموود، بێریڤان جەبار) پێشکەش کرد، تیپی شانۆیی (کۆردەرە) یەکێکە لە تیپە شانۆییەکانی ئەم شارە کە بەرهەمی شانۆیی پێشکەش کردووە لەوانە شانۆگەرییەک لەسەر توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی ٢٠١٢ (٢٩)، سەرباری شانۆگەری منداڵان لە لایەن خانەی ڕۆشنبیریی منداڵان و سەنتەری چالاکی گەنجانەوە کە چالاکی هونەری، بە تایبەت بە گەنجان و لاوان پێشکەش دەکەن، بیریشمان نەچێت ئەم شارە خاوەنی هونەرمەندی گەورە (ناسر حەسەن)ە.

## مێژووی شانۆیی کوردی لە کەلار

کەلار یەکێک لە شارە گرنگەکانی گەرمیان و کوردستانی باشوور، لە ڕووی مێژوو و شوێنەوارەوە بۆخۆی خاوەنی ڕابوردوویەکی گەشە، بەو پێیەی چەندان شوێنەوار و سەرچاوەی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە گەواهی بۆ دیرۆکی ئەم شارە دەدەن، هەندێکیان مێژووەکەیان بۆ پێش زایین دەگەڕێنەوە و هەندێکی تریان بۆ سەردەمی ساسانی و هاتنی ئیسلام و دواتر، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا ئاوەدانکردنەوەی کەلار بە پێی سەرچاوەکان بۆ سەدەی ١٨ دەگەڕێتەوە و لێرە بەدواوە وردە وردە گەشەی کردووە، بە تایبەت دوای ئەوەی بەگزادەی جاف توانییان گەشە بە گوندی (کەلاری کۆن) بدەن کە ئێستا گەڕەکێکی گەورەی شارەکەیە، لە ساڵی ١٩٣١ یەکەم قوتابخانە لە کەلار دەکرێتەوە، ئەمەیش دەبێتە هۆی زیاتر گەشانەوەی لایەنی ڕووناکبیری کەلار بە جۆرێک ئەم قوتابخانەیە چەندان منداڵی پێگەیاندووە و لە بواری ڕووناکبیری و ڕاگەیاندندا ڕۆڵیان هەبووە.

لە پاش ئەوەی بە بڕیارێکی کۆماری، کەلار لە ١٩٧٠/٢/٢٨ دەبێتە شارۆچکە زیاتر گەشە دەکات، ئەمەیش کاریگەری لەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکان هەبووە بە تایبەت کایەی مەعریفی(٣٠)، ئێستا ئەم شارە بووەتە ناوەندی ئیدارەی (گەرمیان)، حکومەتی هەرێم مامەڵەی پارێزگای لەگەڵدا دەکات، مێژووی شانۆ لەم شارەدا وەک سەرەتا وتمان تا حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو گوندێکی گەورە و گەشەکردوو تا ڕادەیەک ڕوون نییە، بەڵام ئەوەی گومانی لێ ناکرێت شانۆ بە مانا سەرەتاییەکەی و دەرکەوتنی بۆ قوتابخانە دەگەڕێتەوە، لەگەڵ کردنەوەی یەکەم قوتابخانە لە کەلار لە ساڵی ١٩٣١ هونەر دەرگای بەڕوودا دەکرێتەوە، بەڵگەیش بۆ ئەمە بە پێی کۆنترین تۆماری گشتی لە قوتابخانەی کەلار، لە لیستی ئەو وانانەی کە قوتابیان خوێندوویانە هەریەکە لە وانەکانی (وێنە، سروود) لەگەڵ وانە سەرەکییەکانی تر بەرچاو دەکەوێت کە نمرەیشی لەسەر بووە و مامۆستای ئەو دەمە ئەم وانانەیان بە قوتابیان داوەتەوە (٣١)، نمایش و جووڵەی سەرەتای شانۆ لە کەلار بە هێواشی گەشە دەکات، بە شێوەیەک لە ساڵی ١٩٤٥ بە بەشداری مامۆستایان و قوتابیانی ئەو دەمی کەلار بۆ یەکەمین جار ئاهەنگی نەورۆز لە کەلار ساز دەکرێت و ئاگری نەورۆز کراوەتەوە و قوتابیان سروودی نەورۆزیان وتووەتەوە (٣٢)، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٤ز مەلیک فەیسەڵ پاشای ئێراق سەردانی گەرمیان دەکات و بە لای کەلاردا تێپەڕ دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە خەڵکی کەلار بۆ پێشوازی لە مەلیک خۆیان ئامادە کردووە، خۆ ئامادەکردنی مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی کەلار، بە تایبەت تیپی کەشافە کە بۆ ئەو ڕۆژە و بەخێرهێنانی مەلیک چالاکییەکیان ساز کردووە خۆی لە نمایش و پێشکەش کردنی گوڵ و وتنی سروودا دەبینێتەوە، شێخ محەمەد شاکەلی بە درێژی ئەو هاتنەی مەلیکی بۆ تۆمار کردووین و باس لەوە دەکات لەگەڵ گەیشتنی مەلیک بۆ لای ئەمان " بە فەرمانی بەڕێوەبەری قوتابخانە بە دەم ئاوازی تەپڵ و زیل سروودێکی عەرەبیمان چڕی، ئینجا مەراسیمی بەخێرهێنان و گوڵ پێشکەش کردن و تەوقە و سڵاو دەستی پێ کرد." (٣٣).

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) ئەحمەد سالار، دەروازەی دراما ، ، چ٢، چاپخانەی چوار چرا، (هەولێر: ٢٠٠٧)، ل٧.

(٢)داستان بەرزان، کتێبی شانۆ، چ١، بڵاوکراوەکانی دەزگای جەمال عیرفان، (سلێمانی: ٢٠١٤)، ل٨.

(٣) سەبارەت بەم شانۆیە و ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕۆڵیان تێدا بینیوە یاسین قادر بەرزنجی بە درێژی لێی دواوە، ئەو کەسانەی لەم شانۆیەدا ڕۆڵیان گێڕاوە بریتین لە (فوئاد ڕەشید بەکر، عەبدولواحید نووری، جەمال مەجید سالم، ساڵح عەلی و ئەحمەد عەزیز تەییار)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یاسین قادر بەرزنجی، شانۆیی کوردی، چ٢، چاپخانەی تیشک (لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ)، (سلێمانی: ٢٠٠٧)، ل١١- ١٤.

(٤) ژیلوان تاهیر، ئاراستەکانی دەرهێنان لە نمایشی شانۆیی کوردیدا، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (١٩١)، هەولێر، نیسانی ٢٠١٣، ل٧٣.

(٥) جەمال عەبدول، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، چ١، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ٢٠٠٦)، ل٢٠٤ و ٢٠٥.

(٦) هەژار، هەنبانە بۆرینە، چاپ سوم، مرکز پخش سروش، (تهران: ١٣٨١)، ل٤٦٦.

(٧) کاردۆ، فەرهەنگی زاراوەی شانۆیی، چ١، چاپخانەی ئاراپخا، (لە بڵاوکراوەکانی تیپی شانۆیی ئاشتی)، (کەرکووک: ٢٠٠٦)، ل٦١.

(٨) ڕەمەزان ئیبراهیم، ڕەوتی شانۆیی کوردی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا، ڕامان (گۆڤار)، ژمارە (١٤٤)، هەولێر، مایسی ٢٠٠٩، ل١٣٧.

(٩) یاسین قادر بەرزنجی، س.پ، ل١٢٨.

(١٠) سەڵاحەددین عەبدولمەجید عەبدوڵڵا، شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتدا، چ١، چاپخانەی ڕەهەند، (سلێمانی: ٢٠٠٩)، ل١٤٩.

(١١) مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغدا: ١٩٩٤)، ل١١٠.

(١٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی (وەزیری خانەنشین)، سەعداوا، ٢٠١٤/٢/٨.

(١٣) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری.. شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی ١٩٦١ - ١٩٧٥، چاپخانەی کارۆ (لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک)، کەرکووک:٢٠١٢، ل٦٤ و ٦٥.

(١٤) صلاح الدين عبدالمجيد عبدالله، س.پ، ل١٣٠-١٣٢.

(١٥) سەباح عەلی جاف، بەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کفری، ژیانەوە (هەفتەنامە)، ژمارە (٢٢٠)، سلێمانی، ٢٠٠٦/٣/٥، ل١، پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کفری - بەشی شانۆ چەندان بەرهەمیان پێشکەش کردووە لەوانە: شانۆیی (سورترین خوێن) لە نووسینی: خۆزبەتریانا، ئامادەکرن و دەرهێنانی: بەیان ئەحمەد عەزیز، لە هۆڵی هونەرمەندانی کفری لە ٢٠٠٥/٢/٢٣، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەلیلی شانۆیی سوورترین خوێن. بەشی شانۆیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان شانۆیی (گەمەی مێژوو) لە نووسین و دەرهێنانی (محەمەد تەنیا) لە هۆڵی هونەرمەندانی کفری نمایش کرد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەباس، لە کفری شانۆیی گەمەی مێژوو نمایش دەکرێت، خوێندنی نوێ (مانگنامە)، ژمارە (٢)، کەلار، کانوونی دووەمی ٢٠٠٦، ل٢. لە ساڵیادی ئەنفالدا ٢٠٠٧/٤/١٤ یەکێتیی ژنان و ڕێکخراوی ئازادی لاوان لە کفری بە هاوبەشی شانۆگەری (مەرگی گوڵ)یان پێشکەش کرد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕۆژنامەی شێخ لەنگەر (مانگنامە)، ژمارە (١٠)، کەلار، نیسانی ٢٠٠٧، دوو لاپەڕە. پەیمانگەی هونەرە جوانەکان چەندان چالاکی لە دەرەوەی کفری نمایش کردووە، لەوانە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٦ بەشی شانۆ، شانۆگەری (بۆ فرۆشتن بۆ فرۆشتن) لە نووسین و دەرهێنانی (بەشار علێوی) لە هۆڵی شەهید جەعفەر لە کۆیە نمایش کرد کە هەریەکە لە (بەشار علێوی، محەمەد تەنیا و بەیان ساڵح) ڕۆڵیان تێدا بینیوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دیار جەمال، شانۆیی بۆ فرۆشتن بۆ فرۆشتن نمایش کرا، ئاییندەی گەرمیان (مانگنامە) ژمارە (٤٦)، کەلار، ئازاری ٢٠٠٩، ل٦. بەشی شانۆ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان شانۆیی (زەوی خودا) لە نووسینی شکور خلخاڵ و لە دەرهێنانی شوان جەلال لە نیسانی ٢٠١١ نمایش کرد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کفری شانۆگەری (زەوی خودا) نمایش کرا، گەرمیانی ئەمڕۆ (مانگنامە)، ژمارە (٥٤)، کەلار، نیسانی ٢٠١١، ل٢. لە ٢٠١٣/٣/١٠ لە کفری شانۆگەری (بەقاڵەکە) کە بیرۆکە و دەرهێنانی شوان جەلال بوو نمایش کرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دەلیلی شانۆیی (بەقاڵەکە). پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کفری - بەشی شانۆ یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆ لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا لە ٢٧-٢٠١٣/٣/٢٨ لە هۆڵی ڕۆشنبیری کفری بە چەندان نمایش ساز کرد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەلیلی یەکەم فیستیڤاڵی شانۆیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کفری. لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا لە ٢٠١٥/٩/٢٩ شانۆیی جەنگی ژنێک لە نووسینی داریۆفۆ، لە دەرهێنانی (بەڕێز محەمەد) لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی کفری نمایش کرد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دەلیلی شانۆیی جەنگی ژنێک. چالاکی گرووپی ڕەنگەکان لە کفری شانۆگەری (ڕەنگەکان) لە نووسین و دەرهێنانی محەمەد هیجران لە ٢٠١٦/٣/٢٧ نمایش کرد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دەلیلی شانۆیی (ڕەنگەکان). لە کفری جگە لە بەشی شانۆیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان چەندان گرووپی تری شانۆیی کار دەکەن لەوانە (تیپی شانۆیی کفری، گرووپی شانۆیی کفری) کە لە بەشی مۆڵەتی پیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە لە ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤.

(١٦) یاسین ڕەسووڵ عوسمان، مێژووی دەربەندیخان، چاپەمەنی و کۆمپیووتەری نیگا، (دەربەندیخان: ٢٠٠٤)، ل٥٦-٥٨.

(١٧) یاسین ڕەسووڵ عوسمان، ه. س، ل٥٨-٦٠، دڵشاد حوسێن لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٩ز، لە ساڵی ١٩٨٩ بەشی شانۆیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە، تا ئێستایش لە کاری هونەری لە بواری شانۆ و سینەما و نووسیندا لە کارکردن بەردەوامە، لە ١٩٨٦/١/١ تیپی شانۆیی دەربەندیخانی لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندی تر دامەزراندووە (یەکەم تیپی شانۆیی ئەکادیمی لەو شارە)، ئەم تیپە تا ساڵی ١٩٩١ بەو ناوەوە بەرهەمی پێشکەش کردووە و پاشتر تیپەکە کراوەتە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد - لقی دەربەندیخان کە تا کاتی ڕاپەڕین ئەم تیپە شانۆیی پێشکەش کردووە، پاشتر لە ساڵی ١٩٩١-١٩٩٧ هەشت شانۆگەری تری پێشکەش کردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ بە شانۆگەری (کەلاوەی نان) توانییان باشترین خەڵاتی کوردستان وەربگرن، چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند دڵشاد حوسێن (دامەزرێنەری یەکەم تیپی شانۆیی ئەکادیمی)، دەربەندیخان، ٢٠١٦/٣/١٨.

(١٨) دەلیلی شانۆیی گەشتەکەی تالە، نووسینی: پیتەرڤایس،

وەرگێڕانی: شیرین.ک، دەرهێنانی حوسێن عەلی، بەهاری ١٩٩٣.

(١٩)دەلیلی شانۆیی خەونەکانم، نووسین و دەرهێنانی: دڵشاد حوسێن، نیسانی ١٩٩٦.

(٢٠) دەلیلی شانۆیی حەسار، نووسینی: شێرزاد حەسەن، ئامادەکردن و دەرهێنانی: دڵشاد حوسێن، نیسانی ١٩٩٧.

(٢١)دەلیلی شانۆیی زەوی خودا، نووسینی: شوکر خەڵخاڵ، وەرگێڕانی: عیسا چیایی، دەرهێنانی: نەریمان مەجید، ئایاری ١٩٩٩.

(٢٢) بۆ زانیاری سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی دەربەندیخان بە تایبەت کارە شانۆییەکان بڕوانە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، کاروچالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان لە ساڵی ٢٠١٠، ل٨٢ - ١١٧، لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/١٤ لە ساڵیادی ئەنفالدا نمایشی (پانۆرامای ئەنفال) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی (حەسەن محەمەد) بەبەشداری نزیکەی ١٥٠ بەشداربوو کە زۆربەی خوێندکار بوون بەڕێوەچوو، لە ٢٠٠٥/٤/٢٨ لە هۆڵی ڕۆشنبیری دەربەندیخان، بەشی شانۆیی سەنتەری گەنجان شانۆگەری (مردنێک ساردتر لە زستان)ی نمایش کرد، ئەم شانۆییە لە نووسینی (هێمن مەحموود) و لە ئامادەکردن و دەرهێنانی (پێشرەو حەمید)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پەیامی خوێندکار (بڵاوکراوە)، ژمارە (٢)، کەلار، ئایاری ٢٠٠٥، ل١و ٢. بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی دەربەندیخان شانۆگەری (بێ ناسنامەکان) لە دەرهێنانی (حەسەن حەمەساڵح) لە ڕۆژی ٢٠١٦/٣/١٣ لە هۆڵی ڕۆشنبیریی دەربەندیخان نمایش کردووە و دواتر هێنراوەتە کەلاریش.

(٢٣) ئاکۆ سەلام، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان ئەحمەدی شانۆکار، زەنگ (هەفتەنامە)، ژمارە (١٣)، کفری، ٢٠٠٦/٤/٢٠، دوا لاپەڕە.

(٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم باجەڵان، مێژوونووس، خانەقین، ٢٠١٦/٣/١٥.

(٢٥) عەباس عەبدولڕەزاق: لە ساڵی ١٩٤٩ لە دایک بووە، دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی، خاوەنی ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی وێنە و ڤیدیۆیی سەردەمی شاخە، نووسەری چەندان سیناریۆی درامای تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆییە، لە ساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٢ بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بووە ساڵی ٢٠١٥، بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان بووە تا و ئێستا خانەنشینە، خاوەنی بیرۆکەی فیستیڤاڵی شانۆیی شەقامی نێودەوڵەتییە لە دەربەندیخان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و هونەری دەربەندیخان، دەلیلی چوارەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆیی شەقام لە دەربەندیخان، ٢٠١٣، ل٥.

(٢٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم باجەڵان، مێژوونووس، خانەقین، ٢٠١٦/٣/١٥، لە خانەقین سینەما مێژوویەکی دێرینی هەیە و خەڵکی ئەم شارە ئاشنایەتییان لەگەڵ سینەما و هونەر هەبووە، ئاشنابوونی خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ سینەما بۆ هاتنی سوپای بەریتانیا لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانی دەگەڕێتەوە کە دروستکردنی سینەما لە لایەن پیاوێکی جوولەکەوە لە گەڕەکی پاشا کۆپری کە ئەم سینەمایە ڕۆژانە جگە لە ڕۆژی هەینی بۆ سەربازانی بەریتانی کاری دەکرد، ڕۆژانی هەینیش بۆ خەڵکی شار، سینەمای (مەلیک فەیسەڵ) کە ئێستا ناوی سینەما (نەصر)ـە لە ساڵی ١٩٤٤ز لە لایەن عەبدولحوسێن نەجەفی و کۆمەڵێک کرێکاری ئێرانییەوە دروست کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حوسێن ئەحمەد حەبیب، کردنەوەی سینەما لە خانەقی، ورێزا (گۆڤار)، ژمارە (٤)، خانەقین، بەهاری ٢٠٠٧، ل١٧.

(٢٧) ئارام محەمەد، هونەرمەند ئیسماعیل محەمەد کاکە عەبدوڵڵا لە دیدارێکدا، ورێزا (گۆڤار)، ژمارە (١)، خانەقین، بەهاری ٢٠٠٦، ل٥٩.

(٢٨) سەباح عەلی جاف، یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری گەرمیان بەڕێوەچوو، ژیانەوە (هەفتەنامە)، ژمارە (١٦٦)، سلێمانی، ٢٠٠٥/١/٢، ل٢. لە ساڵیادی ئەنفالدا لە ٢٠٠٦/٤/١٣ نمایشی (ئەو گوڵە غەریبەی لە دەشتی عەرعەردا ڕوا)ی شاکاری گۆڕستانی چراکانی شێرکۆ بێکەس لە ناو جەرگەی شاری خانەقیندا بەبەشداری چەندان ناوەندی هونەری خانەقین و کەلار و کفری بەڕێوەچوو، ئەم نمایشە هونەرییە بە سەرپەرشتی (پشکۆ محەمەد ڕۆستەم) بوو، هاوکات لە ساڵیادی ئەنفالدا لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/١٣ لە هۆڵی ئامادەی کچانی خانەقین، شانۆگەری (لە گەرمیان باوکەکان... خەون نابینین) لە نووسین و دەرهێنانی بەشار علێوی بە بەشداری هەژدە شانۆکاری گەنج نمایش کرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خانەقی کۆستی ئەنفال لە ئامێز دەگرێت، خانەقی (مانگنامە)، ژمارە (٢٣)، خانەقین، نیسانی ٢٠٠٦، ل١ و ٢. لە کۆلێژی ئادابی خانەقین لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٥ لە ساڵڕۆژی ئەنفالدا شانۆیی (ئەنفال) نمایش کرا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خوێندکارانی کۆلێژی ئادابی خانەقین یادی ٢١ ساڵەی ئەنفالیان کردووە، ئاداب (مانگنامە)، ژمارە (٣)، خانەقین، ئایاری ٢٠٠٩، دوا لاپەڕە.

(٢٩) چالاکییەکان، سیروان (گۆڤار)، ژمارە (٢)، خانەقین، بەهاری ٢٠٠٨، ل٧٥، چالاکییەکان، سیروان (گۆڤار)، ژمارە (٣)، خانەقین، هاوینی ٢٠٠٨، ل٧٧.

(٣٠) سەباح عەلی جاف، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کەلار، شیکار (گۆڤار)، ژمارە (١٣)، هەولێر، بەهاری ٢٠١٦، ل١٢٥.

(٣١) قید عام (تۆماری گشتی)، رقم (١)، مدرسة کلار الابتدائیة، سنة ١٩٣١ - ١٩٤١.

(٣٢) مستەفا نەریمان، س. پ، ل١١٠.

(٣٣) محەمەد شاکەلی، س. پ، ل١٧٠.